پۆلیسی فیدراڵ خەرجکردنی پاداشت و پلەی بەرزکردنەوەی راگەیاند



فەرماندەیەکی پۆلیسی فیدراڵ خەرجکردنی پاداشت و پلەی بەرز کردنەوەی بە ئەندامان و ئۆفسەرانی هێزەکەی راگەیاند.

ئەمڕۆ پێنجشەممە، لیوا ساڵح ناسر ئەلعامیری فەرماندەی هێزەکانی پۆلیسی فیدراڵ رایگەیاند: بەپێی ئەو ڕێنماییانەی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی موچە شایستەی دارایییەکانەوە بەدەستمان گەیشتووە، بڕیاردراوە لەئەمڕووە بەشێوەیەکی راستەوخۆ پاداشت و جیاوازی پلەی بەرزکردنەوەی بە کارمەندان و ئۆفسەران و بەرپرسە باڵاکانی هێزەکانی پۆلیسی فیدراڵ خەرجدەکرێت.